# لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکان..
# مامۆستایەك خوێندکارێك فەلاقە دەکات!!

ئەنوەر محەمەد

لەسەرو بەندی نزیك بونەوەی ڕۆژی شانۆی جیهانیدا لەناو پەیمانگەی هونەرجوانەکانی سلێمانی لەبەرچاوی مامۆستایان و خوێندکارانی ئەو پەیمانگەیە سەرۆکی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرجوانەکان بەشەق و زلەو جنێو لە خوێندکاری قۆناغی چوارەم ( دێرین حامید) دەدات و دێرین حامیدیش بۆ چاوەڕێی هەڵوێستی بەڕێوبەرایەتی پەیمانگەو بەشەکەیەتی ..

لەپەیوەندیەکی تایبەتدا قوتابیەکی نزیك لەڕوداوەکە کەنەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت وتی" هەمو ساڵێك قوتابیانی دواقۆناغ وپێش دوا قۆناغ بەرهەمێکی شانۆیی پێشکەش دەکەن ئەم ساڵیش خوێندکار دێرین حامد بەرهەمێکی شانۆیی هەبوو، ، بۆئەوەی بتوانێت بەرهەمێکی باش بێت، خۆی زۆر ماندووکرد بۆئەوەی لەڕۆژی شانۆیی جیهانیدا نمایشبکرێت..

بەڵام پاش بینین مۆفەق عارف لهۆنی سەرۆکی بەشی شانۆ پێی دەڵێت " ئەم شانۆییە نمایش ناکرێت، دێرینیش دەڵێت بۆچی؟؟ ئەویش دەڵێت لەبەرئەوەی ئیقاعی خاوە..

ئەویش دەڵێت :کەمو کورتیەکانی چارەسەردەکەم، بەس با نمایشی بکەم ، بەڵام ئەم فس فس پاڵەوانە پێی دەڵێت "بەئارەزوو نایەڵم نمایشبکرێت، لەگەڵ ئەم قسەیەدا بەشەق و زلەو جوێنی زۆر ناشیرین لەبەر چاوی ژمارەیەکی زۆر خوێندکار قوتابیەکە دەداتە بەرشەق و زلە!!

وەڵابابە ئافەرین مامۆستای هونەر جگە لەوەی من وەك قوتابیەکی ئەو بەشە لەوێدا ڕاوەستابوم هەزارجوێنی ناشیرینم گوێ لێبوو مامۆستا مۆفەق بەقوتابیەکانی وت کە خۆشترینیان ئەوبوو وتی سەگی سەگباق گو بەڕیشی باوکت!! دیارە خاڵە مۆفەق هێشتا ڕۆڵی ملازمی ئەمنیەکەی گەردەلولی تێداماوەتەوە ،بۆیە وا پۆلیسیانە مامەڵەدەکات !! لەگەڵ ئەم لێدانەدا قوتابیان حەپەسان مامۆستاش بەبەرچاوی ئەو خەڵکەوە بەشەق و زلە بەردەوام بوو، ئێستا هەڵمەتێکی ئیمزاکۆکردنەوە لەوبارەیەوە بەردەوامەو بڕیارە ڕۆژی شانۆی جیهانی کە دەکاتە 3/27 بەیانناممەیەکی نارەزایی لەوبارەیەوە بڵاوبکرێتەوە..

سەبارەت بەهەڵوێستی قوتابیان و شانۆکارانی تر ئەو قوتابیە دەڵێت" لەبەرئەوەی دێرین ئەندامی( کۆڕی شانۆی با)یە پێدەچێت بەیاننامەیەکی نارەزایی لەوبارەیەوە دەربکەن،

ئەمە جگەلەوەی لە 3/25 وە هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە و پیشتگیر لە سلێمانی دەستپێکردوەو لەچەند سایتێکی ئینتەرنێتیشدا پشتگیریمان بۆکۆدەکرێتەوە..

دوابەدوای زانینی ڕێکخراوە خوێندکاری و قوتابیەکان و لەژێر فشاری ئەواندا چەند مامۆستایەکی بەشەکە بەهاوکاری بەڕێوبەر لەهەوڵی ئەوەدان کە دێرین قایل کەن کە واز لەم کێشەیە بێنێت، بەڵام تائێستا ئەو ڕازی نەبووەو پێدەچێت وەك خۆشی وتی لەدادگا کێشەکە یەکلابکرێتەوە!!